

## حەمەسەعید حەسەن:

# من دەشێت بانگەشەی ئەوەم کردبێت کە نووسەرێکی باشم وەلێ هەرگیز لە هیچ کوێ نەمگوتووە هاوسەرێکی باشم

**کەم کەس هێندەی حەمەسەعید حەسەن لە ڕێگەی نووسینەوە دۆست و ناحەزی بۆ خۆی پەیدا کردووە، لە هەر مەجلیسێکی رۆشنبیریدا ناوی حەمەسەعید حەسەن هاتبێت، سەرنجم داوە دانیشتوانی ئەو کۆڕە، بە چاک یان بە خراپ ئەگەر بە تاقە وشەیەکیش بووبێت رایەکیان دەربارەی ئەو پیاوە هەر درکاندووە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە نووسینەکانی خوێنەرێکی زۆریان هەیە، وابزانم هەر ئەوەشە حەمەسەعید حەسەن لە زۆر لە ڕۆشنبیران و نووسەرانی دیکە جیا دەکاتەوە.. لەمێژە بابەت و رەخنەو ساتیر و شیعرەکانی ئەو نووسەرە دەخوێنمەوە، بە ئاواتەوە بووم لە نزیکەوە بیناسم، نەک وەک نووسەر، بەڵکو وەک مرۆڤ.. وەک باوک.. وەک هاوسەر، وەک زۆر لەو لایەنانەی ژیانی کۆمەڵایەتی و تایبەتی ئەو کە لای زۆربەمان نەزانراون، بۆیە ئەم هەلەم قۆستەوە و لە ڕێی پۆستی ئەلکترۆنییەوە چەند پرسیارێکم ئاراستەی کاک حەمەسەعید حەسەن و خاتوو سوعادی هاوسەری و منداڵەکانی (کانیاو و کاروان و رەوەز) کرد، بە سوپاسەوە ڕاشکاوانە وەڵامیان داینەوە و ئەم گفتوگۆیەی لێکەوتەوە.**

**هەڤپەیڤین: بەرهەم عەلی**

*** حەمەسەعید حەسەن منداڵێکی چۆن بوو؟**

– منداڵێکی بەستەزمان بووم، بەڵام مێردمنداڵێکی بزێو بووم، لە کلاسی شەشی سەرەتایی بووم، ڕۆژێکیان سەری هاوتەمەنێکی خۆم وا خراپ شکاند، شەو پۆلیس هاتن بردمیان، ئێستاش کە بیر لەو ڕووداوە دەکەمەوە، ویژدانم ئازارم دەدات، ئەوی سەریم شکاند، ناوی بەکری حاجی عەلی بوو، داوای لێبووردنی لێ دەکەم.

*** ئەم گیانی رەخنەگرتنە و ڕەتکردنەوەیەی ئێستا لە حەمەسەعید حەسەنی نووسەردا هەیە، بە منداڵیش هەبوو؟**

– کە هەرزەکار بوم، زۆر دۆست و ناسیاو پێیان دەگوتم، تۆ خوا بۆ ئەوەی خولڤاندوویت ببیت بە ڕەخنەگر. خوێندکارێکی ئاژاوەگێڕ و گێرەشێوێن بووم، زۆر جار لەسەر قسەی قوت، سزا دراوم.

*** لەگەڵ خوێندن گەییشتییە کوێ؟**

– خانەی مامۆستایانم تەواو کردووە.

*** لە دیمانەیەکدا باسی ئەوەت کردووە، کە لە سەردەمی لاویدا دڵداریت**

**کردووە، دەکرێت باسی ئەو خۆشەویستییەمان بۆ بکەیت؟**

– پێم وایە هەموان، دڵداریان کردووە، منیش شەیدای کیژە دراوسێیەک بووم. پێوەندیمان بریتیبوو لە دیداری کورت و نامەی درێژ.

*** بۆچی بەو ئافرەتەی کە خۆشت دەویست نەگەیشتی؟**

– ئەو، چرای پێوەندییەکەی هەڵگیرساند و هەر ئەویش داوی پێوەندییەکەی پساند.

*** ئێستا خۆشت دەوێت؟ یان لە بیرت کردووە؟**

– زۆربەی خەڵک، بیرچوونەوە بە دەرد لە قەڵەم دەدەن، وەلێ ڕاستییەکەی ئەگەر دەستی سەوزی بیرچوونەوە، بە هانامانەوە نەهاتبا، بەرگەی یەک کارەساتمان نەدەگرت.

*** لەگەڵ سوعاد خان، چۆن یەکتریتان ناسی؟**

– خەڵکی یەک گەڕەک بووین.

*** پێش ئەوەی پێکەوە زەماوەند بکەن، پێوەندیی لە نێوانتاندا هەبوو؟**

– دوو ساڵ بوو یەکتریمان خۆش دەویست.

*** سوعاد خان دەیزانی تۆ پێش ئەو، کچێکی دیکەت خۆش ویستووە؟**

– چونکە هەرسێکمان خەڵکی گەڕەکێک بووین، دەیزانی.

*** ئایا سوعاد خان ئەو ئافرەتەیە کە لە پشت نووسەرێکی گەورەوەیە؟ یان نا؟**

– ئەگەر من نووسەرێکی گەورە بم، ئەوە زادەی مەزنیی سوعاد و پشتگیریی خوێنەرەکانمە.

*** چەند منداڵت هەیە؟ خەریکی چین؟**

– منداڵم نییە، منداڵەکانم لە خۆم گەورەترن. کانیاو ٢٧ ساڵە، بازرگانیی خوێندووە. کاروان ٢٤ ساڵە، وەرزش دەخوێنێت، چونکە وەک وەرزشکارێک بیر دەکاتەوە، دوای ئەوەی خەڵاتی ئاراسم وەرگرت، پێی گوتم: ئێستا تۆ لە لوتکەدایت، ئیدی واز لە نووسین بهێنە! ڕەوەز ٢١ ساڵە، ڕۆژنامەگەری دەخوێنێت. ناو بە ناو لە ڕۆژنامەی ئەو شارەدا کە لێی دەژی دەنووسێت.

**لە سەردەمی لاویمدا شەیدای کیژە دراوسێیەک بووم. پێوەندیمان بریتیبوو لە دیداری کورت و نامەی درێژ**

*** ئەو بەرهەمە زۆر و چڕانەی بەردەوام دەیاننووسیت، غەدرێک نییە لە هاوسەرەکەت؟ ئاخۆ لەسەر حسابی خۆشەویستی و بایەخدان بەو و بە منداڵەکانت نییە؟**

– ئەگەر کەسێکی ئاسایی بە بێ ئۆکسجین ناژی، ئەوا منیش بەبێ نووسین ناژیم. من بە دەست نووسینەوە ماندوو دەبم، وەلێ ئەگەر نەنووسم، هێندە هەراسان دەبم، ئارامم لێ دەبڕێت و لە هیچ کوێ و بە هیچ شتێک ئۆقرە ناگرم، بۆیە دەشێت نەنووسین کاریگەرییەتی نەرێنیی زیتری لەسەر هاوسەر و منداڵەکانیشم هەبێت.

هاوسەرەکەم وای بۆ دەچێت، زۆر خەریکبوونی من بە نووسینەوە، پێش ئەوەی غەدر بێت لەو، غەدرە لە خۆم، هەر کە لە نووسینێک دەبمەوە، بەڵێن دەدەم، ئیدی ماوەیەک پشوو بدەم و هیچ نەنووسم، کەم ڕێ کەوتووە، ئەو بەڵێنانە، ڕۆژێکیان بڕ کردبێت، ئاخر هەر کە بیرۆکەیەکی تازە، تەنگم پێ هەڵدەچنێت، ئەگەر دەست بە نووسینەوەی نەکەم، هیچی دیکەم بۆ ناکرێت. قەت نەمتوانیوە نووسینی ئەمڕۆ بخەمە سبەینێ. من گیرۆدەی دەستی نووسینم، ئەوە من نیم شیعر، ڕەخنە یان ساتیر دەنووسم، ئەوە ئەوان کەی خواستیان، من دەنووسمەوە. (بەرگەی غەڵبە غەڵب گرتن، یەکێکە لە نیشانەکانی گەمژەیی،) ئەگەر لە ماڵێکی هێمندا نەژیابام، نەمدەتوانی بنووسم. لەمێژە هاوسەرەکەم هەستی کردووە، قسەکردن لەو بوارەدا کە کەمتر بە نووسینەوە خۆم خەریک بکەم، کارێکی بێسوودە، بۆیە دەمێکە کۆڵی داوە. من دەشێت بانگەشەی ئەوەم کردبێت، کە نووسەرێکی باشم، وەلێ هەرگیز لە هیچ کوێ نەمگوتووە، هاوسەرێکی باشم، ئەم پرسیارەی لە منت کرد، لە هیچ نووسەرێکی دیکەی مەکە. با ویژدانی ئازاری نەدات.



حەمەسەعید حەسەن و سوعاد خانی هاوسەری

*** خۆت بە پیاوێکی پێشکەوتووخواز دەزانیت؟**

– پیاوی کورد بە گشتی هاوزەمان (دکتۆر جیکڵ و میستەر هاید)یشە، وەک گوتار مودێرنە و وەک ڕەوتار خێڵەکی، بەو هیوایەی منیش یەکێک نەبم لەو جۆرە پیاوانە.

*** لەو باوەڕەدایت، هاوسەرەکەت هیچ گلەییەکی لێت نەبێت؟**

– ئەو ژنەی گلەیی لە پیاوەکەی نەبێت، یان خۆی مردووە، یان پیاوەکەی، ئەوی بژی، گلەیی دەبێت و دەکەوێتە بەر بارانی گلەییش، گرنگ ئەوەیە دان بە کەموکووڕییەکانی خۆماندا، کە هەموومان هەمانە، بنێین و هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەین.

*** چی بەو پیاوانە دەڵێیت کە لە هاوسەرەکانیان دەدەن؟**

– ترسنۆکترین پیاو، پیاوێکە لە ژن بدات.

*** لەوە پەشیمانیت کە خێزانت پێکەوە نا؟**

–نا، لەوە پەشیمانم و داوای بەخشین دەکەم، ئەگەر ڕۆژێک دڵی ژنێکم شکاندبێت، ئیدی ئەگەر دایکم بوو بێت، یان ژنی خۆم، یان خوشکێکم، یان هەر ژنێکی دیکە.

**منداڵم نییە، منداڵەکانم لە خۆم گەورەترن**

*** لە هەر سێ منداڵەکەت، کامیانت زۆرتر خۆش دەوێت؟**

– کچەکەم.

*** لە ڕووداوی کوشتنی فادیمەدا لە لایەن باوکییەوە، زۆربەی هەرە زۆری گوتار و لێدوانەکان، بە هی کوردستانیشەوە، باوکەکەیان تاوانبار کرد، کەچی تۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سویدت خەتابار کرد، بۆچی؟ ئێستاش هەر لەسەر ئەو ڕایەیت؟**

– بەڵێ ئێستا لەسەر ئەو ڕایەم سوورترم. میدیای سوێد دواتر هەستی بە هەڵەی خۆی کرد و هاتە سەر ڕای من. ئێستا کە ژنێکی بێگانە دەکوژرێت، میدیای سوێد هەر هێندە بایەخی پێ دەدات، وەک ژنەکە سوێدی بێت، ئاخر زوو زوو ژنی سوێدیش دەکوژرێت. ئەوە میدیای سوێد بوو، فادیمەی بە کوشت دا، چونکە فادیمەی ناچار کرد بڵێت: (باوکم هیچ شک نابات، خوێندەواریی نییە، ئیشوکاری نییە، تەنیا شەرەفی هەیە، منیش شەرەفی دەشکێنم.) ئەم قسانەی فادیمە زوو زوو لێ دەدرانەوە، ئیدی باوکە هێندە بریندار کرا، تا هاوزەمان خۆی و فادیمەشی کوشت، ئاخر فادیمەش یەکێکە لە قوربانییەکانی عەقڵی خێڵ و بابسالاری، میدیای سوێد، نەک هەر نەیتوانی ژیانی فادیمە کە لە مەترسییەکی ڕاستەقینەدا بوو، بپارێزێت، بەڵکوو سینگی فادیمەی بۆ باوکی، بە نیشانە نایەوە، من ژن بە بەدڕەوشت نازانم، بەدڕەوشت کەسێکە کە ژن تیرۆر دەکات.

*** هیچ کام لە منداڵەکانت نارەزووی نووسین دەکەن؟**

– ڕەوەزی کوڕم، ڕۆژنامەگەری دەخوێنێت و ناو بەناو لە ڕۆژنامەی ئەو شارەدا کە لێی دەژی. دەنووسێت.

*** زۆر جار ڕەخنەی توند لە خەڵکانی دەسەڵاتدار و بەرپرسانی سەربازی دەگریت، دەزانم خۆت ناترسیت، بەڵام ئایا هاوسەرەکەت لەوە ناترسێت، یەکێک لەو دەستڕۆیشتووانە هەوڵی تیرۆرکردنت بدات؟**

– من خۆشم دەترسم، هەموو کەس دەترسێت، ئازا کەسێک نییە کە ناترسێت، کەسێکە ترسی پێوە دیار نییە. من لە مێژە لە (وەختی بە فیرۆدراو)دا(١) دەژیم، دەبوو گەمەی ژیانی من، زووتر کۆتایی پێ هاتبا، تازە ئەگەر تیرۆریش بکرێم، هیچ بایەخێکی نییە، چونکە هەر چیم ویستبێت، گوتوومە. دیارە ئەگەر تەمەن مەودا بدات، شتی دیکەش دەڵێم، بەڵام حاڵی حازر، یەک ڕستەی بوێر شک نابەم، کە بۆ ئایندەیەکی گونجاو پاشەکەوت کردبێت، ئاخر لای من هەموو وەختێک بۆ گوتنی ئەوەی پێت وایە دەبێت بگوترێت، هەر لە بارە. ئەو پازدە ڕۆژەی لە کوردستان بووم، هاوسەرەکەم، دەستی لەسەر دڵی بوو، من وەک زووتریش گوتوومە لە مردن ناترسم، لە سووکایەتی پێکردن تۆقیوم.

**مێردمنداڵێکی بزێو بووم ڕۆژێکیان سەری هاوتەمەنێکی خۆم وا خراپ شکاند، شەو پۆلیس هاتن بردمیان**

*** ئایا کاتی ئەوەت هەیە، نازی منداڵەکانت بکێشیت و گەشت و سەیرانی خێزانی بکەیت؟**

– وەک پێویست نا. تا ئێستا سێ جار بۆمان ڕێ کەوتووە وەک خێزان گەشت بکەین، گەشتی یەکەممان دوای ڕاپەڕین بۆ کوردستان بوو، پێکەوە سەردانی یۆنان و میسریشمان کردووە. سوعادی هاوسەرم و کانیاوی کچم، پێکەوە و دوو کوڕەکەشم، کاروان و ڕەوەز، بە دووقۆڵی، ناو بە ناو سەفەر دەکەن و هاوینان بە کۆمەڵ سەیرانیش دەکەین، بەڵام لەمەو دوا چونکە هیچ کام لە منداڵەکانمان لای خۆمان نەماون، من و سوعاد بواری سەفەرکردنمان زۆرتر دەبێت.

**تازە ئەگەر تیرۆریش بکرێم، هیچ بایەخێکی نییە، چونکە هەر چیم ویستبێت، گوتوومە**

*** ئەو شیعرە ناسکانە بۆ کێ دەنووسیت؟ ئاخۆ دایکی کانیاو قەت ئەو پرسیارەی لێ کردوویت؟**

– گرنگ ئەوە نییە، شیعر بۆ کێ دەنووسین؟ گرنگ ئەوەیە شیعری جوان بنووسین، هەردی شیعرێکی بۆ ست فاتیمە نووسیوە. ست فاتیمە کێیە؟ ناوێکی ڕاستەقینەیە یان خوازراو؟ شیعرەکە، زادەی خەیاڵە یان ڕووداو؟ ئەوانە بەلای منەوە گرنگ نین. گرنگ ئەوەیە هەردی شیعرێکی جوانی نووسیوە. شیعر ڕووداو ناگرێتەوە، شتێک دەگرێتەوە کە ئەگەری ڕوودانی هەبێت. ئەوە کاری شاعیر نییە، شیعری خۆی لێک بداتەوە، ئەگەر وای کرد، سیحری شیعری بەتاڵ دەبێتەوە، شاعیر دەبێت وەکوو موتەننەبی (دنیا پڕ و خەڵک سەرقاڵ بکات)(٢).

سوعاد کە زۆر متمانەی پێمە، بەڵام پێی خۆش بوو، تۆ ئەو پرسیارەت ورووژاند و گوتی ئەوە پرسیاری دڵی منیشە. چونکە خوێنەرەکانم متمانەیان پێمە، بۆیە وای بۆ دەچن، لە دوای هەر شیعرێکمەوە، چیرۆکێکی ڕاستەقینە هەیە. پێم باشە خوێنەرانم وای بۆ دەچن، ئەوە کارەسات بوو، پێیان وا بووایە، درۆیان بۆ دەهۆنمەوە.

*** قەت گریاویت؟ بۆچی؟**

– من ئەگەر چی ڕەخنەی زبر دەگرم، وەلێ هەستم زۆر ناسکە، هەمیشە فرمێسکم حازرە. کە کورد ڕاپەڕی، گریام، کە گلانی پەیکەرەکەی دیکتاتۆرم بینی، گریام، کە چیرۆکی ژیانی ژنێکی غەدرلێکراو دەبیستم، دەگریم، کە ژنێک تیرۆر دەکرێت، دەگریم، کە ژنێک خۆی دەسووتێنێت



حەمەسەعید حەسەن و هەردوو کوڕەکەی (کاروان و ڕەوەز)

دەگریم، بۆ قوربانییانی نۆی حوزەیرانی ١٩٦٣ی سلێمانی، دەگریم، بۆ فەیلییەکان، بۆ بارزانییەکانی قوشتەپە، بۆ قوربانییانی کیمیاباران، بۆ ئەنفالکراوان، بۆ ڕێبوارانی کۆرەو، دەگریم، ڕێ دەکەوێت بە دێڕێک شیعر، بارانی فرمێسکم دابکات، بە دیمەنێکی کاریگەری فیلمێک، بە کۆپلەیەک لە گۆرانییەکی خەمگین، پەرەگرافێک لە ڕۆمانێک، بە دیالۆگێکی نێو شانۆگەرییەک، بگریم، بۆ لە سێدارەدانی لەیلا قاسم و ئەکرەمی حەپسە، دەگریم، بۆ تیرۆرکردنی ئەبوبەکر عەلی و لە لێدان کەوتنی دڵی ع.ح.ب، ئومێد ئاشنا و عوسمان شەیدا، دەگریم، بۆ قوربانییانی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەک، خەڵکی هەر کوێ بن دەگریم، بۆ قوربانییانی کارەساتە سروشتییەکانیش، دەگریم. نە فرمێسکی ساختەم هەیە و نە زەردەخەنەی فریودەرانە، لە دڵەوە، خوڕ خوڕ دەگریم و لە دڵەوە، قاقا پێدەکەنم.

**(١) الوقت الضائع. (٢) مالئ الدنيا وشاغل الناس.**



سوعادخان و کانیاو-ی کچی حەمەسەعید حەسەن

## خاتو سوعادی هاوسەری:
# حەمەسەعید بۆ ئازادی خەبات دەکات و خۆی کۆیلەی نووسینە

**دواتر چەند پرسیاریکمان ئاراستەی خاتوو سوعاد حەمەسالح-ی هاوسەری حەمەسەعید حەسەن کرد:**

*** تکایە بە ڕاشکاوی پێمان بڵێ، ڕەوتاری مامۆستا حەمەسەعید حەسەنی هاوسەرت لەگەڵ تۆدا چۆنە؟**

– ئەم پرسیارە لە پرسیاری لێکۆڵەرەوەی دادوەری دەچێت! ئەو بۆ گۆڤارت دەوێت؟ یان بۆ دادگا؟ ئێستاش حەمەسەعیدم هێندە خۆش دەوێت، دڵنییت هێشتا ساڵێک بەسەر زەماوەندماندا تێپەڕی نەکردووە.

*** گوزەرانی ئەم خێزان و ماڵەی ئێوە لەسەر چییە؟**

– حەڤدە ساڵە لە سوید دەژین، یەکەم ساڵ، بە فێربوونی زمانەوە خەریک بووین و وا شازدە ساڵە، بەردەوام هەردووکمان ڕۆژی هەشت سەعات کار دەکەین، ئێستا منداڵەکانیشمان داهاتی خۆیان هەیە و هیچ پێویستیان بە ئێمە نییە.

*** خەڵاتکردن و ڕێزلێنانی مامۆستا حەمەسەعید حەسەنی هاوسەرت لە هەولێر، چۆن دەبینیت؟**

– ٢٠٠٤/١٢/٢٦ ئەو ڕۆژەی ئەوی تێدا خەڵات کرا، یەکێکە لە ڕۆژە خۆشەکانی ژیانم. سوپاس بۆ دەزگای ئاراس کە ماندووبوونی ئەوی بەرز نرخاند.

**نە فرمێسکی ساختەم هەیە و نە زەردەخەنەی فریودەرانە**

*** ئایا مایەی شانازیتە کە هاوسەری نووسەرێکی گەورەی وەک حەمەسەعید حەسەنیت؟**

– بەڵێ، تا بەرزترین لوتکەی شانازی.

*** زەقترین خەوشی مامۆستا حەمەسەعید حەسەن، لە ڕوانگەی تۆوە چییە؟**

– بۆ ئازادی خەبات دەکات و خۆی کۆیلەی نووسینە.

*** پێت خۆشە کە ڕەخنەی توند لە دەسەڵاتداران و بەرپرسانی گەورە دەگرێت؟**

– وام پێ باش بوو، وەختی خۆی تەنیا بۆ کاری ئەدەبی تەرخان کردبا.

*** لە داخی ئەو بایەخە زۆرەی ئەو بە کتێبی دەدات، ڕقت لە کتێب نابێتەوە؟**

– بەهۆی ئەوەوە کتێبم خۆش ویست.

*** حەز دەکەیت بە یەکجاری بۆ کوردستان بگەڕێنەوە، یان سوێدت پێ باشترە؟**

– با سوید شەکریش بێت، بەڵام هەر کوردستانم لا شیرینترە.

# حەمەسەعید حەسەن لە دیدی منداڵەکانییەوە

**کانیاو:** باوکم باشترین باوکی دنیایە.

**کاروان:** باوکم وریایە، ڕاستگۆیە، لایەنی هەق دەگرێت، ڕووخۆشە، حەزی لە قۆشمەیە و هەمیشە دەزانێت چی ڕاستەو چی هەڵەیە.

**ڕەوەز:** لە بیرم دێت، کە زۆر بچووکیش بووم. باوکم هەمیشە هانی دەدام، ڕاستی بڵێم و لایەنی ڕاستی بگرم. هانی دەدام ڕێزی خودی خۆم و خەڵک بگرم، هانی دەدام، دڵم فراوان بێت و دریغی لە یارمەتیدانی ئەم و ئەو نەکەم. چونکە باوکم لە بواری نووسیندا زۆر سەرکەوتووە و بە شێوەیەکی ئەرێنی کاری لە زۆر کەس کردووە، هیوادارم ئەو چ ڕۆڵێکی گرنگی لە ئەدەبی کوردیدا وازی کردووە، منیش بە کۆمەکی ئەو دەرسانەی لە ئەزموونی ئەوەوە فێریان بووم، بتوانم لە ڕۆژنامەگەریدا، هێندەی ئەو کاریگەرییەتیم هەبێت.